قاسم ئەعەجی:دەزگا ئەمنییەکان ئەنجامدەرانی ڕووداوەکەی عومرانییە ڕاودەنان وپێڵەکەشی بەردەم دادگایان دەکەن

قاسم ئەعەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، ئەمڕۆشممە ، بەیاوەری شاندێکی ڕاوێژکارێتی ئاسایشی نیشتمانی سەردانی پارێزگای دیالەی کرد،و جەختی لەوە کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان ئەنجامدەرانی ڕووداوەکەی عومرانییە ڕاودەنان وپێڵەکەشی بەردەم دادگایان دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە،"قاسم ئەعەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بەیاوەری شاندێکی ڕاوێژکارێتی ئاسایشی نیشتمانی سەردانی پارێزگای دیالەی کرد و هاوخەمی خۆی بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە دەربڕیوە کە خەڵکی مەدەنی لە گوندی عومرانییەی پارێزگاکەی کرد ئامانج و هیوای زوو چاکبوونەوەی تەواو بە بریندارەکان دەخوازێت".

ئەعەجی جەختی لەوەکردەوە کە: "دەزگا ئەمنییەکان بە هەموو جومگەکانیانەوە تاوانباران ڕاودەنان وپێڵەکەشی بەردەم دادگایان دەکەن بە ئەوەی سزای دادپەروەرانەیان وەربگرن".

دووپاتیشیکردەوە لە: "گرنگی هاوکاری خەڵک لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان بە لەدەستدانی ئەو دەرفەتە بە ئەوانەی دەیانەوێت کەش و هەوای سەقامگیری ئاسایش لە هەموو ناوچەکانی عێراق تێکبدەن."